کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-8-2007 16:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کولتوور و دەوڵەت ... دڵزارحەسەن**

بەهای دەوڵەت ئەو کاتە دەردەکەوێت کە کۆمەڵگاکەی خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کلتوری بن، هیچ کاتێکیش دەوڵەت سازنەکراوە گەر لە ژێرەوەی ژێرخانێکی کلتوری بە هێز ئامادەیی نەبووبێت. وەك دەبیندرێت و دەبیسترێت زۆربەی زۆری ئەوانەی بونیادی دەوڵەتی تۆکما و پڕ لە سەروەرییان بیناکردووە ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانەن کە بەهای کلتور بۆتە گەورەترین سەرمایەی مێژویی بەلایانەوە. بە پێچەوانەی ئەمانیش کۆی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانە کە خاوەنی بەهای کلتوری و فەرهەنگی ڕاسەقینەی خۆیان نیین یان بە مانایەکی دیکە خۆیان نەیانویستووە یان نەیانتوانیوە دواجار کلتورسازیەك لە نێو مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ژیاری خۆیاندا بکەن بێگومان لە ئان و ساتی دامەزراندنی دەوڵەتدا زۆر بەکەمی سەرکەوتنیان پێوە دیار بوە، نموونەی ئەو جۆرە نەتەوە و کۆمەڵگایانەش زۆرن کە هەمیشە بینیومانە چۆن چارەنووسێکی نادیار ئاراستەیاندەکات. هەڵبەتە بۆ توند و تۆڵکردنی سەرخان و ژێرخانی دەوڵەت بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوە و کۆمەڵگایانەی لە هەوڵی بونیادنانی دەوڵەتی سەرمایە گوزاری کلتوریدانە بەر لە هەموو کار و کردەوەیەك پێویستە هەنگاو بۆ دامەزراندنی وەرشەیەکی بەرهەم هێنەری خۆماڵی بەرن بۆ ئەوەی مەودای پێکهاتە و بەهای جەوهەری کلتوری ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەخشێندرێت، نەخشاندنی هێماکانی ئەو دەوڵەتەش سەرەتا دەبێت لە بونیادێکی خاوەن ژیریەکی سەردەم هەڵقوڵێت و ئینجا دەرهاویشتەکانی بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی تەواوی ئەو جوگرافیایەی کە دەوڵەتی لەسەر بیناکراوە بگرێتەوە. نموونەی هەرێمی کوردستان کە بەرهەمی هەڤدەساڵی مێژووی مامەڵەی سیاسی و ئیداریانەی ئێمە لە خۆدەگرێت یەکێکە لە نموزەجی ئەو دەوڵەتانەی کە نەیتوانیوە بەهای کلتور لە نێو پێکهاتە بی دەوڵەتیەکەی بکاتەوە، کلتور بە مانای کۆی ئەو خاسیەتە شارستانی و ژیاریەی کە دواجار مرۆڤی تایبەتمەند بەرهەم دێنێت لە نێو دەوڵەتدا. کاتێکیش دەڵێین مرۆڤی تایبەت دیارە مەبەستمان مێژووی تایبەت و زمان و فەرهەنگ و ئەتەکێتی تایبەتیانەی ژیانە، ئەو ژیانەی کە تۆ لە کلتوری عەرەب و فارس و تورك جیا دەکاتەوە و خسوسیاتی کلتورێکی تایبەت بە هاوڵاتیانی نێو ئەو دەوڵەتە دروست دەکات کە ژیانی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و ئاو هەوا و خاك، و سەروەری کلتورێك بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە. ئاماژەکانی بوون بە دەوڵەت لەلایەن وڵاتانی ئەڵمانیا و فەرنسا و بەشێك لە ناوچەکانی ئاسیا و میسر و تورکیا و ئێران... هتد بەرهەمی هەمان ئەو دۆخەن کە کلتور لە پشتەوەی دروستبوونی دەوڵەتەکانیاندان. هەڵبەتە سەرەتا واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەخواست بیر لە هێنانە پێشەوەی ئەو وەرشەیە بکرابایەوە بۆ ئەوەی بمان توانیبوایە ئەو نەوە و جیلەی کە لە دوای ئەو ئەزموونەوە بەرهەمدەهێندرێن بەو کلتور و فەرهەنگە تازیەیەوە گەشەیانبکردبایە نەك ئێستا دەبینین زۆرێك لە گەنجانی ئێمە بە هۆی نەبوونی فەرهەنگ و ژێرخانێکی کلتوری ئاراستەکراوەوە نازانن هەنگا و بۆ کێ بەرن. بێگومان ئەم سەرلێشێواویەی نەوەکانی ئێمە دواجار سەر دەکێشێت بۆ شێوەیەك لە بێ ئومێدی کە سەر بکێشێت بۆ باوەر نەبوون بە بوون و بەهای مرۆڤییان کە ئەمەش حاڵەتێکی دیکەی پەتای لە ناوچوونی نەتەوکان دەگەیەنێت لە نێو ئەو ئاپۆرای جیهانگەرایەدا کە هەمیشە ئاماژەیەك بوە بۆ لە ناوبردنی ئەو جۆرە نەتەوە و کۆمەڵگایانەی کە لە هەوڵی سڕکردن و بی بەشکردنی تاکەکانی نێو کۆمەڵگاکەیاندان لە هەر تازەگەریەك کە لە کلتوردا دەکرێت. هەر ئەوەشە مەترسی سەرنەکەوتن و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییمان بە گوێدا دەچرپێنێت، ئەو دەوڵەتەی جگە لەوەی خەونە قوڵەکانی ئێمە بەرهەم دێنێت، بەڵام گەر وریانەبین و بی سازدانی ئەو کلتورە هەنگاو بنێین بێگومان دواجار خۆشمان و نەتەوە و دەوڵەتەکەشمان دەبەینەوە ژێر گڵ.

تێبینی: ئەم نووسینە لە گۆشەی " دەنگ " ی ژمارە 274 ی ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بڵاوکراوەتەوە.

dlzarhessen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.